# کچانی ئەکاد پاڵەوانی

دوای ئەنجامدانـــی چەندیـــن یاریی لە نێـــوان کچانی یانەکانی کوردستان لە خولی نایابی باسکەی کوردستان، هەریەك لە یانەکانی ســـیروانی نوێ و ئەکادی هەولێر بە شایستەیی و بە لێهاتوویی، خۆیان گەیاندە یاریی کۆتایی پلەی ئۆفی خولەکە، لە یاری پلەی ئۆفیـــش دوو یاری لە نێوان هـــەردوو یانەکە بەڕێوەچوو، لە دووەم یاریی خولەکەش لە شـــاری سلێمانی لە یارییەکی بەهێزدا هەردوو تیپی باسکەی کچانی ئەکاد و کچانی سیروانی نوێ ڕووبەڕووی یەکتری بوونەوە لەم یارییەشـــدا یاریزانانی هەردوو یانە بەدرێژایی ماوەی یارییەکە هێرشی جوانیان دەبردە سەر تۆڕی گۆڵی یەکتری لەم ناوەشـــدا کچانی ئەکاد توانیان بە ئەزموونی خۆیان یارییەکە بـــە ئەنجامی (٦٤-٦٠)خاڵ لە کچانی ســـیروانی نوێ ببەنەوە ببنە پاڵەوانی خولەکە دوای ئـــەوەی هەردوو یاریی پلەی ئۆفی بردەوە، لەبارەی ڕێوڕەسمی کۆتایی خولەکەش عەبدولعەزیزجەوهەر ئەندامی یەکێتیی ناوەندیی تۆپی باسکەی کوردستان بۆگۆڤاری گوڵان گوتـــی: تاکو ئێســـتا کاتی بەڕێوەچوونی مەڕاســـیمی کۆتاییمـــان ئامادە نەکردووە و هیچ بـــڕە دیارییەك دیاری نەکراوە تاکو لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان بڕەکەی دیاری نەکات، لەگەڵ ئەوەشـــدا بەفەرمی خولەکە کۆتایی هاتووە. ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەیە بوو:

١-ئەکاد
٢-سیروانی نوێ
٣-سەنحاریب



شەکیب یەحیا:

# لە یۆنان مەدالیای زێڕ و بڕوانامەی یەکەمم لە کێشی ٧٠کگم بەدەست هێنا

هەر چەندە یاریی کیك بۆکســـێنگ وەکو پێویست گرنگی پێ نەدراوە لە چاو یارییەکانی تر لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شـــارەکانی کوردستان خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانان کـــە توانیویانە ڕۆڵی کارا بگێڕن لەبەدەســـت هێنانی ئەنجامی باش، شـــەکیب یەحیا خزر یەکێك لـــەم یاریزانە بەتوانایانە کە لە وڵاتی یۆنان توانی مەدالیای زێڕ بۆکوردســـتان بەدەست بهێنێت شان بەشـــانی چەندین وڵاتانی دنیا، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٧ی شاری هەولێرەو دەرچوونی کۆلێژی زانستە لە زانکۆی ســـەلاحەدین وئێســـتاش لەریزی یانەی ئاراراتە لە شارۆچکەی پیرمام ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.

## باسکەی کوردستان بوون



***ئاستی پاڵەوانێتیی وڵاتی یۆنان لەچ ئاستێك بوو؟**

- ئەم پاڵەوانێتییە ئاستێکی یەکجار بەرزی هەبوو ٣٩ وڵاتی جیهانی بەشداریان تێدا کردبوو، یاریزانان و راهێنەران و ناوبژیوانانی بەشداربوو لە پاڵەوانێتییەکە لە ئاستی پێویست بوون لە سەرکەوتنی پاڵەوانێتیەکە هیچ کێشەیەکی تێدا نەبوو، وەکو کوردستانیش ئێمە ئاستمان باش بوو.

*** ئاستی یارییەکانی تایکواندۆ چۆن دەبینی؟**

- ئاستی ئەم یارییە لە ئێستادا بەرەو پێش دەچێت لە چاو ساڵانی پێشووش بێ گومان جیاوازی زۆرە ئێستا یەکێتییە وەرزشیەکان گرنگیی باش بە یارییەکانی خۆیان دەدەن.

*** بۆچی یانەکانی کوردستان گرنگیی تەواو بەم یارییە نادەن؟**

- چونکە جگە لە یاریی تۆپی پێ هەموو یارییە وەرزشیەکانی تر بودجەیان کەمە، حکومەتیش پارەی کەمی بۆ یارییە تاکەکان تەرخان کردووەو بەراشکاویش دەڵێم ئێمە هەموو شتەکانمان چاولێکەرییە، بەراستی نادادپەروەرییەکی زۆر لە وڵاتەکەمان بەی دەکرێت بۆ وەرزش .

*** پشتگوێ خستنی ئەم یارییە لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- تەنیا ئەوەیە کە بودجەکەی کەمە و ئەوانیش پشت گوێیان خستووە و ناتوانن بودجەیەکی زۆری بۆ تەرخان بکەن.

*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەو پێش بردنی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

- پەرە بە یارییە تاکەکان بدرێت وەکو یارییە کۆمەڵییەکان یاریزان رێزی لێ بگیرێت چونکە ئێمە هیچمان لە یاریزانانەکانی تری ئەو وڵاتە کەمتر نییە.

*** کێشەو گرفتتان چییە لەم یارییەدا؟**

- پێش چوونمان بۆ پاڵەوانێتییەکە ئێمە ڕاهێنەرمان نەبووە من خۆم دەڵێم راهێنەر نەبووە بەبێ بوونی کەل و پەلی پێویست و هەر خۆم راهێنەری خۆم بووم، پێش ١٢رۆژیش لە پاڵەوانێتییەکە مامۆستا رزگار وئاراس وعەباس توانیان مەشقێکی باشم پێ بکەن، دەبوایە ئێمە سەربازگەی مەشقیمان بۆئەنجامبدرایە، بەڵام بە نەبوونی چووین سوپاس بۆخوای گەورە بەسەربەرزی گەڕاینەوە توانیمان ئاڵای کوردستان شان بەشانی وڵاتانی ئەمریکاوئەڵمانیا وچین وئیتالیا وئیرلەندا و هەموو ئەو وڵاتانەی خۆیان لەم یارییە بە زلهێزدەزانی، بەرز بکەینەوە.

*** باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان چی بوون؟**

-لە هەمووپاڵەوانێتییەکی ناوخۆ لەسەر ئاستی هەولێرو کوردستان و عێراق بەشداریم کردووە پلەی یەکەمیشم بەدەست هێناوە، لە عێراق دووجار یەکەم بوویمە لە ساڵی ٢٠٠٢لە هەڵبژاردەی عێراق لە یاری کیك بۆکسینگ، لەیاری وشووساندا لە ساڵی ٢٠٠٤تاکو ٢٠٠٩لە هەڵبژاردەی عێراق بوومە، یەکەمی عێراق بووم و هیچ یارییەکەم نەدۆڕاندووە، لە پاڵەوانێتیی عەرەب لە ئوردەن دووجار مەدالیای زیو و برۆنزیم بەدەست هێناوە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش لە یۆنان لە دوورگەی کرێتی توانیم بە پشتیوانی خوای گەورە مەدالیای زێڕدا بەدەست بهێنم لەگەڵ بڕوانامەی یەکەم لە کێشی ٧٠کگم.

*** هیچ یانەیەك پەیوەندی پێوە کردی بۆیاری کردن لەگەڵیاندا؟**

- چەند جارێك یانەی پێشمەرگەی هەولێر داوای لێ کردووم بۆیاری کردن من ڕەتم کردۆتەوە.

***بەدەست هێنانی مەدالیای زێڕ لە یۆنان ئەو کاتە هەستت چۆن بوو بە ئاڵای کوردستانەوە؟**

- بەڕاستی تائێستا بیر دەکەمەوە دەڵێم ئەوە منم یەکەم بووم پێم شتێکی زۆر سەیر بوو کە پێم وەسف ناکرێت.

*** بەنیازی چی بۆ دوا رۆژی خۆت وەکو یاریزان؟**

- لەبەر ئەوەی جارێك تەواو بڕیارم نەداوە سەیر دەکەم بزانم حکومەت چۆن ئاوڕمان لێ دەداتەوە ئەو کات بڕیاری خۆم دەدەم.

***کێ لە وەرزشەکە زۆر هاوکاریت دەکات ؟**

- یەکەم کەس کە هاوکاری کردبم باوکم بووە دوای ئەویش راهێنەرێکم هەیە وەك سەربازێکی نەناسراوە کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە، کاك هیمداد بارزانی سەرۆکی یانە زۆر هاوکارمە، خەڵکی شارۆچکەی مەسیف سەلاحەدینیش بە گەورە و بچووکەوە هەموو هاوکارم بووینە.




دیمانە: کارزان کانەبی



## ئەنشلۆتی
# لەگەڵ هیچ یاریزانێک گرێبەست ناکەین بۆ شوێنی خزیرە

بەڕێوەبــەری هونەریی یانەی ریال مەدریدی ئیســپانی کارلۆ ئەنشــلۆتی رایگەیاند یانەی شــاهانە بیری لە واژووکردنی هیچ گرێبەستێك نەکردۆتەوە بۆ شوێن گرتنەوەی یاریزانی پێکاو ســامی خزیرە. هەروەها ئەنشلۆتی بۆ رۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی وەرزشی ئیســپانی دووپاتی کردەوە تیپەکەی لەتوانایدایە شــوێنی خزیرە پڕبکاتەوە بەبێ ئەوەی هیچ گرێبەســتێکی نوێ واژوو بکات لەم وەرزەدا. لەبەشــێکی تری هەواڵەکەدا رۆژنامەی ناوبراو لەزاری ئەنشــلۆتی بڵاویکردۆتەوە هەرچەندە زۆر نیگەرانین بەپێکانی خزیرە و لە کاتێکی خراپ بوو، بەڵام لەئێستادا بیــر لەهیچ بۆندێکی نــوێ ناکەینەوە بۆ گۆڕانــکاری لەتیپەکەیدا، چونکە چەند رێگایەکی تر هەیە بۆ یاریکردن لەوانە بەشــداریپێکردنی ئیسکۆ یاخود کازیمیرۆ یانیش چەند گۆڕانکاریەك لەپلانەکەیان ئەنجام بدرێت.


سەبارەت بەیاریزان بنزیمە، ئەنشلۆتی رایگەیاند: بنزیمە بەچەند کێشەیەك تێپەڕی، بۆیە لەئێســتادا باشترە و بەشــێوەیەکی باش یاریدەکات، لەگەڵ ئەوەش هیچ تووشی سەرسوڕمان نەبووم کاتێك بینیم لەهەڵبژاردەی فەرەنسا لەســەر کورسی یەدەگ دانیشتووە، چونکە بێ گومان راهێنەری هەڵبژاردەکە دیدییە دیشــان پلانێکی تایبەتی هەیە بۆ بەدەســت هێنانی بردنەوەو سەرکەوتن. سەبارەت بەیاریزان کریستیان رۆناڵدۆ ئەنشلۆتی دووپاتی کردەوە متمانەی تەواوم بە ئەستێرەی هەڵبژاردەی پورتوگال رۆناڵدۆ هەیە بۆیە دەڵێم باشترین یاریزانە لەجیهان و شایەنی بەدەست هێنانی تۆپی زێڕینە دوای پێشکەشکردنی ئەو ئاستە بەرزە.



# باشترین پێکهاتەی پریمەر لیگ لەئێستادا

ئاژانســەکانی هەواڵ لە وڵاتی ئینگلتەرا باشترین پێکهاتەی خولی ئەمســاڵی یانەکانی ئینگلیزیان راگەیاند بەپێی ئەو ئاستەی یاریزانان بەگشــتی پێشکەشیان کردووە بۆ خزمەتکردنی یانەکەیان. ئەمەو بەپێی راپۆرتەکان بــۆ گۆڵپارێزی یاریزان دی خیــا گۆڵپارێزی یانەی مان یونایتــد دێت. بــەڵام بۆ هێڵی بەرگری هەردوو یاریزانی ئاســت بەرز دیڤــد لویزی یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی تشلســی و دانیال ئەگیری بەرگریکاری لیڤەرپول بۆ بەرگریی باڵی راستیش ئیڤانۆڤیتش و بەرگریی باڵی چەپیش ئاشــلی کۆل. بەمــەش ئەوە دەردەکەوێت کە بەرگریکارانی بلوز بەدرێژایی وەرزی رابردوو ســێ بەرگریکاریان لە نێو چوار بەرگریکارە ئاســت بەرزەکان بوونە. سەبارەت بەهێڵی ناوەڕاستیش بەپێی پلانی یاریکردنی ٤-٣-٣ هەرســێ یاریزانی ناوەڕاســت ئەرون رامزی ئەرســنال و یایا تۆری مان ستی و مایکل کاریکی مان یونایتد باشــترینەکانن بەجۆرێــك هەریەك لــە تۆری و کاریــك وەك یاریزانی جێگیــری بەرگریکار یاری دەکەن و لەکاتی هێرشــبردن متمانە دەکەنە سەر رامزی. دەربارەی هێڵی هێرش بردنیش هەریەك لە هازاردی یانەی تشلسی لەباڵی راستی هێرشــبردن و لویس سوارێزی لیڤەرپول لە باڵی چەپی هێرشبردن یاری دەکەن شانبەشانی رۆبن ڤان پێرسی لەیانەی مان یونایتد وەك هێرشبەری سەرڕم . شایەنی باسە لەم پێکهاتەیە گرنگترین ئەویاریزانەی شــوێنی نەبۆتەوە یاریزانی یانەی ئەرسنال و پێشوی ریال مەدرید مەســعود ئۆزیلە کە پێویســتی بەکاتی زیاترە بۆ جێگیرکردنی شوێنی خۆی لە پێکهاتەی پریمەر لیگ.

# بەرشلۆنە بۆند لەگەڵ بێرباتۆف دەبەستێت




بەپێی راپۆرتە هەواڵە وەرزشــییەکانی ئیسپانیا یانەی بەرشلۆنە کاردەکات لەپێناو واژووکردنی گرێبەست لەگەڵ هێرشــبەری بولگاری دیمیتار بیرباتــۆف. لەمبارەیەوە رۆژنامەکانی ئیسپانیا ئاماژەیان پێکردووە کە تاتا مارتینۆ بەڕێوەبــەری هونەریی یانەی بەرشــلۆنە ئارەزوو دەکات گرێبەست لەگەڵ یەکێك لە هێرشبەرە بەتواناکانی وەك میرۆسلاف کلۆزەی یانەی لاتسیۆ یاخود دیدی درۆگبــای یانەی گەلاتە ســەرای ببەستێت. هەروەها یانەی ناوبراو لەهەوڵدایە بۆ پتەوکردنی ریزەکانی پێشەوەی تیپەکەی گرێبەســت لەگەڵ بێرباتۆڤی ئەســتێرەی یانــەی فۆلهــام لە وەرزی گواســتنەوەی زستانە واژوو بکات، چونکە بێرباتۆف مێژوویەکــی دوورو درێژی هەیە و توانیویەتی ٥٧ گۆل لە ١٣٩ یاری لەگەڵ یانەی مان یونایتد و ٤٦ گۆل لە ١٠٢ یــاری لەگەڵ یانــەی تۆتنهام هۆتســبیر تۆماربکات.

# بۆ هەڵبژاردەی بەرازیل جامی جیهانی ٢٠١٤ بەدەست دەهێنێت؟




راهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل لویس فیلیپی سکۆلاری دووپاتیکردەوە بە ڕێژەی سەد لە سەد دڵنیایە لەوەی کە هەڵبژاردەی وڵاتەکەی نازناوی مۆندیالی ٢٠١٤ دەباتەوە .

لەئێســتادا هەڵبژاردەی بەرازیل ئامادەیە بۆ جامی جیهانی کە لەهاوینــی داهاتوو دا وڵاتی بەرازیل میوانداریەتی دەکات و هەڵبــژاردەی ناوبــراو هیوا دەخوازێت بۆ جاری شەشــەم لەمێژووی خۆیدا ببێتە خاوەن ئەم نازنــاوە. ئەمە لەکاتێکدایە کە هەڵبژاردەی سامبا یەکێکە لەبەهێزترین پاڵێوراوەکان بۆ بەدەست هێنانی ئەم نازناوە، چاودێران هۆکارەکانی ئەم گەشبینییە بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێننەوە :-

هۆکاری یەکەم : گرتنە ئەستۆی ئەرکی راهێنەرایەتیی ئەم هەڵبژاردەیە لەلایەن فلیپ سکۆلاری و جەخت کردنەوە لەسەر بونیاتنانی تیپێکی تۆکمە و بەهێز.

هۆکاری دووەم : جێگیرکردنی یانزە یاریزان وەك پێکهاتەی ســەرەکی لەســەرەتای دەســتپێکردنی هــەر یارییەك و رۆڵی بەڕێوەبەرانــی هونەری ئەم هەڵبژاردەیە لەپاراســتنی تیپەکە لە هەر پێکان و راگیرانی یاریزانان و بەردەوامبوون لەســەر ئەم پێکهاتە سەرەکییە.

هــۆکاری ســێیەم : کە راگەیاندنەکان زۆر گرنکی پێــدەدەن بوونی یاریزان نیمارە، هەرچەندە بوونی کاپتن تیاگۆ ســیلڤا کاریگەریی هەیە، بەڵام هۆکارەکەی بۆ بوونی نیمار دەگەڕێننەوە لەهەڵبژاردەی سامبا، ئەگەرچی نیمار تەمەنێکی بچووکی هەیە بەڵام بەرپرسیاریەتییەکی گەورەی هێرشبردنی لەئەستۆدایە، بۆیە نمایشەکانی نیمار جێگای سەرسوڕمانن.

هۆکاری چوارەم : ئەو هێڵە بەرگرییە پتەوەی ســکۆلاری توانی پێکی بهێنێت هەرچەندیش رووبەڕووی گەلێ رەخنە بۆوە، بەڵام لەجامی کیشوەرەکان هەڵبژادەی سامپا لەلایەنی بەرگریی زۆر بەهێزتر دەبینرا لەبەرامبەر هێرشبردن.

هــۆکاری پێنجەمیش جۆش و خرۆش و پاڵپشــتیی بەردەوامی جەمــاوەری هەڵبژاردەکە بە ژمــارە(١٠) نیمار بەتایبەت بەوتنەوەی گۆرانی و هوتاف کێشان و ئاهەنگ و خۆشی دەربڕین بەبێ وەستان کەوا دەکات هەڵبژاردەی سامپا زیاتر بجوولێت بەبێ وەستان

زۆر جار باس لەبوونی یاریزانی کورد لە وڵاتانی ئەوروپا دەکرێت لە یارییە جیاجیاکان و باس لە دەستکەوت و بەرز راگرتنی ئاڵای کوردستان دەکەن، بەڵام رەنگە زۆربەی خەڵك نەزانێت، کە ئێستا یانەیەکی تایبەت هەیە بەناوی کورد و کوردستان لە وڵاتی سوید و توانی لەگەڵ دامەزراندنی دەستکەوتی زۆر باش لە خولەکانی ئەم وڵاتە بە دەستبهێنێت، ئەویش یانەی (دالە کورد)(Dalkurd FF).



# یانەیەکی کوردستانی لە سوید...

**بیرۆکەی دامەزراندنی**

ئەم یانەیە لە وڵاتی سوید بە دەستی چەند کوردێکی هەرچوار پارچەی کوردستانی نیشتەجێی وڵاتی سوید دامەزرا لە ساڵی ٢٠٠٤ بەمەبەستی خزمەتکردنی کورد لەم وڵاتەدا بۆ ئەوەی لە بواری وەرزش دانەبڕێن، دامەزراندنی ئەم یانەیە کاردانەوەیەکی باشی لە لایەن کورد هەبوو و هاوکارییەکی تەواویان کرد و چەند یاریزانێکی کورد بوونی خۆیان لەم یانەیە دۆزییەوە و توانیان پێگەی خۆیان لە تیپەکە بەهێز بکەن.

**تۆمارکردنی ژمارەی پێوانەیی**

لەگەڵ دروستبوونی یانەی (دالە کورد) بەشداری لە خولی پلە ٧ی سوید کرد لە ساڵی ٢٠٠٥، توانی پلەی یەکەم بە دەستبهێنێت، بەپێی ئامارەکان لە ماوەی ٦ ساڵدا یانەی (دالە کورد) توانی بگاتە خولی پلە دووی سوید ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەیی بوو لەم وڵاتە، چونکە هیچ یانەیەك نەیتوانیوە بەم خێراییە بگاتە خولی پلە دووی سوید و نزیك بێت لەسەرکەوتن بۆ خولی پلە یەك، چونکە یانەی (دالە کورد) لە رووی تەمەنی دروستبوونی زۆر کورتە، کەچی توانی بەم خێراییە ناو و ناوبانگی بۆ خۆی دروست بکات ئەمەش بووە جێگەی سەرسوڕمانی یەکێتیی تۆپی پێی سوید و لە هەمان کاتدا خۆشحاڵی خۆیان بەم دیاردیە نیشاندا.

ئەمەش ساڵ و بەشداریکردنەکانی ئەم یانەیە لە خولەکانی سویدی:

٢٠٠٥ خولی پلە ٧ی سوید پلەی یەکەم
٢٠٠٦ خولی پلە ٦ی سوید پلەی یەکەم
٢٠٠٧ خولی پلە ٥ی سوید پلەی یەکەم
٢٠٠٨ خولی پلە ٤ی سوید پلەی یەکەم
٢٠٠٩ خولی پلە ٣ی سوید پلەی یەکەم
٢٠١٠ خولی پلە ٢ی سوید پلەی شەشەم
٢٠١١ خولی پلە ٢ی سوید پلەی چوارەم
٢٠١٢ خولی پلە ٢ی سوید پلەی هەشتەم

لە ساڵی ٢٠١٣ واتە لە وەرزی ئەمساڵدا ئەم یانەیە زۆر نزیك بوو لەسەرکەوتن بۆ خولی پلە یەکەکانی سوید، دوای ئەوەی توانی لە کۆمەڵەی خۆی لە باکوور پلەی دووەم بە دەستبهێنێت لە یارییەکی یەکلاکەرەوە بۆ دەستنیشانکردنی یانەی سەرکەوتوو بۆ خولی پلە یەکەکان رووبەڕووی خاوەن پلەی دووەمی کۆمەڵەی باشوور بووە، لە یاریی یەکەم لە نێو یاریگەی خۆیدا توانی سەرکەوتن بە دەستبهێنێت بەئەنجامی (١-٠) گۆڵ، بەڵام لە یاریی دووەم لە یاریگەی تیپی بەرامبەر تووشی دۆڕانێکی گەورە هات و یارییەکەی بە ئەنجامی (٥-١) گۆڵ دۆڕا، ئەمەش ئەنجامێکی چاوەڕواننەکراو بوو بۆ هەموو چاودێرانی ئەم خولە، چونکە یانەی (دالە کورد) لەم وەرزدا ئاستێکی یەکجار بەرزی پێشکەش کرد و پاڵێوراوێکی بەهێز بوو بۆ سەرکەوتن.

**خاوەن جەماوەرێکی زۆرە**

ئەم یانەیە بەهۆی ئاست بەرزی و خێرایی گەشەکردنی لە خولەکانی سوید، ئێستا خاوەن جەماوەرێکی یەکجار زۆرە لەم وڵاتە بەتایبەتی کوردەکان، بۆیە لە ساڵی (٢٠١٠) هاندەران بڕیاریان دا دەستەیەکی هاندان-ی تایبەت بە یانەکە دروست بکەن بەناوی (رۆژ) ئەم دەستەیە وەکو رێکخراوێکی ناحکومییە بێ قازانج و سەربەخۆیە، بەڵام پاڵپشتی یانەکەیە لە یارییەکان ئەم بیرۆکەیە سەرکەوتنێکی تەواوی بینی لە رووی گەشەکردن و زیادکردنی هاندەرانی یانەکە.

لە هەمان کاتدا ئەم دەستەیە لۆگۆی تایبەت بەخۆی هەیە و پەیجی فەرمی لە ماڵپەڕەکانی فیسبووك و تویتەر هەیە بەمەبەستی رێکخستنی کارەکانیان، هەروەها ئاشناکردنی جەماوەری یانەکەیان لە دەرەوەی سوید بە دوایین ئەنجام و چالاکییەکانی یانەکە و لە گشت یارییەکاندا هاندەران بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە نێو یاریگا ئامادە دەبن بەمەبەستی هاندان.

لۆگۆی یانەی دالە کورد



هاندەرێکی تایبەت

راپۆرت: ڕێبین رەمزی



■ تێبینی:

بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە سوود لە چەند ماڵپەڕێك وەرگرتووە وەکو ماڵپەڕی فەرمیی یانەکە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فێسبوك، هەروەها ماڵپەڕی ویکیپیدیا.

# تەمەنێکی کورت و دەستکەوتی زۆر

**هاندەرێکی تایبەت**

ئێمە بە گشتی باسی هاندەرانی یانەکەمان کرد، بەڵام ئەم یانەیە خاوەن هاندەرێکی تایبەتە، کە ئامادەبوونی لە نێو یاریگا دەبێتە جێگەی خۆشحاڵیی یاریزانان و کارگێریی یانەکە، ئەویش (ئەرنفاین لۆکین) هاندەرێکی بەتەمەنە نیشتەجێی وڵاتی نەرویجە، هەموو یارییەکی یانەی (داله کورد) لە ساڵی ٢٠٠٦ تا ئێستا لە هەر شوێنێکی سوید بێت لە نێو یاریگا ئامادەیە بۆ هاندانی یانەکە و بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان.

لە کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکان ئەم هاندەرە لە نەرویجەوە دێتە سوید و بە پێچەوانەوە لە هەمان رۆژ دەگەڕێتەوە وڵاتی خۆی، ئەوەی سەیرە لەسەر حیسابی خۆی ئامادەی گشت یارییەکان دەبێت، بۆیە یانەکە بە بەوەفاترین و ئەمەکترین هاندەری یانەکەی دادەنێت، کە بەشێوەیەکی سەرسەخت هانی یانەکەی دەدات و هەروەها نموونەی هاندەری راستەقینەیە.

**یاریگا**

ئەم یانەیە خاوەن یاریگایەکی تایبەت بەخۆیەتی، کە شوێنی (٦٥٠٠) هەزار هاندەر دەبێتەوە لە گشت یارییەکان یاریگا پڕ هاندەر دەبێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە پاڵپشتییەکی دارایی بەهێز بۆ یانەکە، هەروەها پاڵنەرێکی دەروونی بەهێز دەبێت بۆ یاریزانەکان بەمەبەستی پێشکەش کردنی ئاستێکی بەرز لە یارییەکان.

**ئارمیی یانەکە**

یانەی (داله کورد) خاوەن ئارمێکی تایبەت بەخۆیەتی ئەویش بەسوود وەرگرتن لە ئاڵای کوردستان لەگەڵ نووسینی ناوی یانەکە و ساڵی دامەزراندنی ئەمەش بووە هۆکارێك بۆ زیاتر ناساندنی یانەکە لە نێو کوردانی تاراوگە بە تایبەتی لە سوید.

**دەستەی کارگێڕیی و یاریزانانی یانەکە**

لە کۆتایی راپۆرتەکەدا بە پێویستی دەزانم، ناوی ستافی دەستەی کارگێڕیی یانەکە و یاریزانانی یانەکە بنووسین لەگەڵ رەگەزنامەیان بەمەبەستی ناساندنیان.

**دەستەی کارگێڕی**

| | |
|---|---|
| رەمەزان کیزیلی | سەرۆك یانە |
| دیلجین ئۆتلۆ | بەڕێوەبەری تیپەکە |
| ئیسماعیل دۆندۆر | سکرتێری یانە |

**دەستەی راهێنەران**

| | |
|---|---|
| رۆبێرت مانبۆ | کینیا راهێنەر |
| ئوموت کۆچ | یاریدەدەری راهێنەر |
| ئەندریاس | سوید |
| راهێنەری | گۆڵپارێز |

**یاریزانان**

(فرانك پیترسون (سوید)، ئەربین گۆرزۆکۆڤیچ (سوید)، مایکل تۆهکانین (سوید)، دیار ئەڵتانی، سۆلۆجۆڤیچ (بۆسنە)، پێشرەو عەزیزی، لینۆس بۆلین (سوید)، مایکل ئوموها (نێجیریا)، عومەر جاگنی (گامبیا)، ئیاسۆ (ئەسیوبیا)، گازیم (ئەلبانیا)، ماسیاس (سوید)، کالی کەیال (فەڵەستین)، رێبین سۆلاکا، ئەلیکساندر(سوید)، جێسپێر میدین(سوید)، محەمەد کۆلاب (فەڵەستین)، سیلال سێرهانۆگلو،بروا نوری، کەریم ریبایی (تونس)، چیدی داودا (نێجیریا).

ئەوەی یانەکە شانازی پێوە دەکات سێ یاریزان لەم یانەیە یارییان کردووە و بانگهێشتی هەڵبژاردەی وڵاتەکانیان کراون ئەوانیش:

١- نەدیم هەلیلۆڤیچ یاریزانی هەڵبژاردەی بۆسنە لە ساڵی (٢٠٠٩ تا ٢٠١١) لە ریزی یانەی (داله کورد) یاریکردووە.

٢- تیت ئەلاس یاریزانی هەڵبژاردەی ئیستۆنیا لە ساڵی (٢٠١٠) لە ریزی یانەی داله کورد یاریکردووە.

٣- رۆبێرت مابۆ مامبا یاریزانی هەڵبژاردەی کینیا لە ساڵی ٢٠١١-٢٠١٢ لە ریزی ئەم یانەیە یاری کردووە و پاشان بووەتە راهێنەری یانەکە لە وەرزی ٢٠١٣ و توانی ئەنجامێکی بەرچاو بە دەستبهێنێت.

لۆگۆی دەستەی هاندەران
ROJFANS 2010
DALKURD FF

